کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
23-7-2007 17:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**سوپاس بەرزان گیان، سوپاس هاوڕێیان، بەرزان گیان، گەلێک سوپاس**

تۆ جیهانێکی تایبەتت بۆ ئێمە ڕەخساند، لە جیهانێکی تازەمان دەنێیت و هەتا دوا هەناسەمان لە



یادمان دەبیت. خەندەت لەسەر لێوی هەمووان دەنا و خەندە لە لێوی تۆش نەدەکەوت تا ئەو دەمەی لە مرۆڤچووەکان دڵیان لە لێدان خستیت.

زۆر سوپاس شیرینەکەم، کوڕی هەموومان، خۆشەویست و هاوڕێی هەموو نەوەکانمان. ژینی تۆ هەمیشە بەردەوامە، دەنگت، جوڵەت، بۆچوونت، سۆزت... هەتا نەمانمان لەگەڵمانە.

سوپاس هاوڕێیان، خۆشەویستانی بەرزان، بۆ پشتگیریتان. هیوادارین غەم دڵی کەستان نەگرێت، ئومێدەوارین دوا غەمی ئێمە و هەموو مرۆڤێك بێت.

بە ناوی بنەماڵەی بەرزان گیانەوە
زانا قادر – سوید

تێبینی:
بەرزان لە ڕۆژی 16/ 7 لە وڵاتی بولگار لە لایەن چەند دڕندەیەکەوە بە شێوەیەکی زۆر بێ بەزەییانە کوژرا و هەتاوەکو ئێستا تەرمەکەی بەدەستی کەسی و کاری نەگەشتۆتەوە. بڕیار وایە لە شاری ستۆکهۆڵم بە خاک بسپێردرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.